

**ساز فەرەیدون**

**یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر:**

# هیوای گەورەم ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ

*** ئاستی یاری تۆپی دەست لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی تۆپی دەست بە شێوەیەکی گشتی زۆر باش نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یانەکان وەکو پێویست لەگەڵ یاریزانەکان کارناکەن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانییەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- ئەگەر بێتو پاڵەوانیەتی بەردەوام بکرێتەوە، ئەوە ئاستی یاریزانەکان بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوە ئەوکات یاریزان هەموو کات خەریکی مەشق و ڕاهێنان دەبن، بۆیە پێویستە خولی بەردەوام بکرێتەوە، لە ئەگەری نەکردنەوەی خول و پاڵەوانیەتیش بێگومان ئەمە نابێتە هۆکار بۆ پێشکەوتنی یارییەکە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی دەستی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

- پەرە بە یاری تۆپی دەست بدرێت، نەك تەنیا هەر بە یاری تۆپی پێ، هەروەها یانەکان بەردەوام مەشق بکەن، نەك تەنیا لە دوای پاڵەوانیەتی تیپەکان کۆتاییان پێ بێت و مەشقەکانیان ڕابگیرێت.

*** گرفتی تۆپی دەست لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی سەرەکی ئەم یارییە ئەوەیە کەوا لە لایەنی ماددی بە باشی هاوکاری یانەکان ناکەن، یانەکانیش کەمتەرخەمی ئەوەیان هەیە کەوا مەشق بە یاریزانەکان ناکەن، من وەکو یاریزانێك هەموو کات ئامادەبووم لە هەر شوێنێك بێت، مەشق بکەم، بەبێ هیچ لایەنی داراییەك.

*** لە چ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- لە چەند یانەیەك گرێبەستم پێشکەش کراوە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بە هیوای ئەوە بووم کە بتوانم ئاستێکی باشم هەبێت و خزمەتی یانەکەم بکەم، بەڵام بەبێ مەشق ناتوانم هیواکەم بەدی بهێنم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، لەگەڵ ئەوە نیم پشت ببەستن بە یاریزانی بیانی و ئەوانیش وەك ئێمە یاریزانن، بەڵام ئەوان بەردەوام مەشق و ڕاهێنان دەکەن، بەهیوام ئێمەش وەکو ئەوان بەرنامەی درێژخایەنمان هەبێت بۆ وەرزش.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- پێشنیارم ئەوەیە کەوا بەرپرسان تەنیا گرنگی بە یاری تۆپی پێ نەدەن و خزمەتی زیاتری یاری تۆپی دەستیش بکەن، نەوەك ئەم یارییە لە ناو بچێت.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- هیوای گەورەم ئەوەیە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و خۆشم یەکێك بم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە، نەك هەڵبژاردەیەك دروست بکەن، دواتر ناوی نەمێنێ.

دیمانە: کارزان کانەبی

یانەی وەرزشیی هەولێر یەکێکە لەو یانانەی کە زیاتر تایبەتە بە یارییەکانی کوڕان، مێژووی یانەکەش لە تۆپی دەست زێڕینە لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام تیپی تۆپی دەستی یانەکەش بۆ کچان ئێستا جارێکی دی دروستکراوەتەوەو پێشووتریش یانەی هەولێر لەو یارییە وەرزشییە یەکێک لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق بووە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، ئەمساڵیش کچە یاریزانانی یانەکە دووبارە بۆ خزمەتکردنی ناوی هەولێر گەڕاونەتەوە یانەکە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان ساز فەرەیدونە کە بە ساز کۆیی ناسراوەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرە کە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووەو خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکانی پێشووی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان و عێراق و لە یاری گۆڕەپان ومەیدانیش ئاستی پێویستی پێشکەش کردووە، پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێر، قەڵای تورکمانی، شەقلاوە، شورتە، هەولێر، ئاڵا یاری کردووە، ئێستاش جارێکی دی لەگەڵ دروستکردنی تیپی تۆپی دەستی لەلایەن یانەی هەولێر گەڕاوەتەوە یانەکە بۆ درێژەدان بە خزمەتکردنی یاری تۆپی دەستی لە شاری هەولێر، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.




هەروەها خەونی من ئەوەیە کەوا بتوانم ئاستێکی باش لەم یارییە پێشکەش بکەم و هەوادارەکانم دڵخۆش بکەم. هیواخوازم ئاستی یاری تۆپی دەستی بەرەوپێش بچێت.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی دەستی عێراق داواکراوی؟**

- بەڵێ داواکراوم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە خزمەتی بە وەرزشی ناوخۆ کردووە لە ڕێگەی بەسەرکردنەوەی یاریزانان لەسەرجەم شارەکانی کوردستان، هیوام ئەوەیە کەوا تۆپی دەستیش وەکو تۆپی پێ ببینم لە کوردستان، بەهیوای ئەوەم لەگەڵ یانەی هەولێر کە بە بەردەوام بین لە مەشقەکانمان کە تازە تیپەکە دروستکراوە.


Fly
LIGA
adidas
85

# ڕیزبەندی یانەکانی ئەوروپا ئاشکرا کرا

یەکێتیی تۆپی پێی ئەوروپا ریزبەندی نوێی یانەکانی ئەوروپای بڵاوکردەوە کە یانەی ریاڵ مەدرید پێشەنگە و سێ یانەی ئیسپانی تریش لە ریزی دە یەکەمە کەدان.

بەپێی ریزبەندیەکە، کە پێنج وەرزی رابردوو لەگەڵ وەرزی ئەمساڵ ئەژمارکراوە یانەی ریاڵ مەدرید بەکۆکردنەوەی (١٦٦,٣٧١) خاڵ پێشەنگی ریزبەندیەکەی گرتووەو یانەی بایرن میونیخ بە (١٥٤,٨٤٢) خاڵ لەپلەی دووەمدایە .

هاوکات یانەی بەرشلۆنە لەپلەی سێیەمی ریزبەندیەکەدایە و هەرچی یانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و یۆڤانتۆسیشە لە پلەکانی چوارەم و پێنجەمدا دەبینرێن .

ریزبەندی یەکەم تا پێنجەم باشترین یانەی ئەوروپا لە پێنج ساڵی رابردوودا بەم جۆرەیە :

١- ریاڵ مەدریدی ئیسپانی (١٦٦,٣٧١) خاڵ.
٢- بایرن میونیخ ئەڵمانی (١٥٤,٨٤٢) خاڵ.
٣- بەرشلۆنەی ئیسپانی (١٥٠,٣٧١) خاڵ .
٤- ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی (١٣٦,٣٧١) خاڵ.
٥- یۆڤانتۆسی ئیتاڵی (١٣١,٣٦٦) خاڵ .

هاوکات بەپێی ریزبەندی باشترین یانەکانی وەرزی ئەمساڵیش یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی لە پلەی یەکەمدایە و ریاڵ مەدریدیش دووەمە، هەریەکە لە یانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و بەرشلۆنە و بایرن میونیخ پلەکانی سێیەم تا پێنجەمیان گرتووە.

# مۆرینیۆ رەخنەی توند لە یانەی بایرن میونشن دەگرێت

خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد رەخنەی توند لەیانەی بایرن میونیخ دەگرێت.

مۆرینیۆی تەمەن (٥٤) ساڵ لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی مانچستەری ئێواران لەسەر ریناتۆ سانچێزی هاونیشتیمانی رەخنەی توندی لە یانەی بایرن میونیخ گرتووە.

لە لێدوانەکەیدا سپێشەڵ وەن گوتی: سانچێز یاریزانێکی بەهرەدارەو ستەمی لێدەکرێت بەوەی وەك یاریزانی یەدەگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

راهێنەری شەیتانە سورەکان راشیگەیاندووە ئەنجامدانی گرێبەست بە بەهای (٣٥) ملیۆن یۆرۆ و دانیشاندنی لەسەر کورسی یەدەگ کارێکی هەڵەیە .

بەپێی هەواڵێکی پێگەی (ترانسفێر مارکێت) ریناتۆ لە وەرزی ئەمساڵدا تەنیا بۆ ماوەی (٨٠٠) خولەك درێسی یانەکەی هەرێمی باڤاریای پۆشیوە.

هاوینی ساڵی رابردوو یانەی بایرن میونیخ بە گرێبەستێك کەبەهاکەی (٣٥) ملیۆن یۆرۆ بوو گرێبەستی لەگەڵ ریکاردۆ سانچێزی یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگالدا ئەنجامدا و گرێبەستەکەی نێوانیشیان تا هاوینی ساڵی (٢٠٢١)ە.



# لامپارد نهێنییەک لەسەر بەرشلۆنە و ریاڵ مەدرید ئاشکرا دەکات

فرانك لامپاردی ئەفسانەی پێشووی یانەی چێڵسی نهێنییەك ئاشكرا دەكات و رایدەگەیەنێت گرێبەستی یانەکانی بەرشلۆنە و ریاڵ مەدریدی رەتکردۆتەوە.

لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی لامپارد گوتی: ئەو کاتەی بەدرێسی چێڵسییەوە یاریم دەکرد زیاد لەجارێك یانەکانی بەرشلۆنە و ریاڵ مەدریدی ئیسپانی و ئینتەرمیلانی ئیتاڵی گرێبەستیان پێشکەشکردوە.

لامپارد راشیگەیاندووە هەرگیز نزیك نەبووە لەوەی واژۆ لەسەر گرێبەست هیچ یەکێك لەو یانانە بکات و هەموو کات یاریکردنی بەدرێسی بلوزەوە بە گرنگتر زانیوە.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا لامپارد گوتی: لەگواستنەوەی زستانەی ئەمساڵدا یانەی سوانزی سیتی خواستی خۆیان ئاشکراکرد تاوەکو درێسی یانەکەیان بپۆشم، بەڵام کاتێك تەمەن ٣٨ ساڵە ئارەزووم نەکرد تاقیکردنەوەیەکی نوێ ئەنجامبدەم .



# پەروەردەی ئاکرێ بووە پاڵەوانی پەروەردەکانی هەرێم

لە شاری دهۆك بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ یارییەکانی خولی فوتساڵی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوو، دوای چەندین کێبڕکێ لە یارییەکانی خولەکە هەردوو تیپی پەروەردەکانی (ئاکرێ و کەرکووك) گەیشتنە یاری کۆتایی، لە یاری کۆتاییشدا بە ئامادەبوونی هەریەك لە مامۆستا بەکر کەریم بەڕێوەبەری گشتی چالاکیی وەرزشی و هونەر و مامۆستا عومەر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆك و ژمارەیەك هاندەرانی وەرزشیی لە یارییەکی ئاست بەرزدا هەردوو تیپ ڕووبەڕوویەکتری بوونەوە، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو پەروەردە هەر لەسەرەتای یارییەکە و هەوادارانی وەرزشیان بە خۆیان سەرقاڵ کردبوو بەهۆی ئاستی بەرزیان لە یارییەکە لەماوەی ئاسایی یارییەکە هەردوو تیپ بە دوو گۆڵ یەکسان بوون و دواتریش پەنایان بۆ گێمی سێیەم و چوارەمی زیادکراو برد، بەڵام نەیانتوانی ئەنجامی یارییەکە لە سوودی خۆیان کۆتایی پێبهێنن، بۆیە پەنایان بردە بەر لێدانی سزای یەکلاکەرەوە، لە ئەنجامیشدا پەروەردەی ئاکرێ یارییەکەی بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ بردەوە و بووە پاڵەوانی خولی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هەریەك لە پەروەردەکانی کەرکووك و پەروەردەی دەوروبەری هەولێریش پلەی دووەم و سێیەمی خولەکەیان دەستەبەر کردو لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووش خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



# دیار ڕەحمان یاریزانی یانەی نەفتی وەست: چاوم لە ئەنجامی گەورەیە



# دووکچە یاریزانی کورد لە سلێمانییەوە دەچنە دیوانییە

زریان عەتار و سۆزی دڵشاد و ڕاهێنەرەکەیان بە گرێبەستێك لە یانەی نەورۆزی شاری سلێمانییەوە پێوەندییان بە تیپی پاسکیلسواری یانەی (عەفەك)ی شاری دیوانییە کردو بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتیەکانی عێراقی بە ناوی ئەوانەوە یاری لە خولی عێراق بکەن، یانەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقیش لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، چاویان لەسەر تواناکانی کچ و کوڕە یاریزانانی یارییە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستانە و لە ئێستاشدا یانەی عفك جگە لەم دوو یاریزانە کوردە گرێبەستیان لەگەڵ کچە یاریزانێکی وڵاتی سووریاش کردووە، لە بارەی چوونی ئەم دوو کچە یاریزانەش بۆ یانەیەکی باشووری عێراق زریان عەتار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە زۆر حەزمان دەکرد خزمەتی یانەی نەورۆز بکەین کە ئەوان هۆکاری دروستبوونی ئێمەن، بەڵام لەسەر داواکاری خۆمان و لەسەر ڕەزامەندی ئەوان ئەو کاتە ئێمە بەفەرمی تەنیا بۆ یەك وەرز گرێبەستمان لەگەڵ تیپی عەفەك لە شاری دیوانییە مۆرکردووەو لە یارییەکانیش بە ناوی ئەوانەوە یاری دەکەین. لەبارەی گەڕانەوەیان بۆ کوردستانیش زریان گوتی: ئەمساڵیش کە پاڵەوانیەتییەکان تەواو بێت، ئێمە دەگەڕێینەوە هەرێمی کوردستان یاری بۆ تیپەکەی خۆمان دەکەین، هۆکاری ڕۆیشتنی یاریزانانی کوردیش بۆ کەمی خول و پاڵەوانیەتی دەگەڕێتەوە لە هەرێمی کوردستان.

یانەی وەرزشی هەولێر بە کشانەوەی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی کۆمەڵێك لە ئەستێرە کوردەکانی شارەکەی پێشکەش بە یانەکانی عێراقی کرد، ئەوانیش هەر یەکەو یانەیەکی لە خولی عێراقی هەڵبژارد، یەکێك لەم یاریزانانەش کە چەندین ئەنجامی بەدەستهێناوە لەگەڵ یانەی هەولێر لە خولی عێراق و خولی کوردستان دیار ڕەحمان ــە کە بە گرێبەستێك پێوەندی بە یانەی نەفتی وەست کردووە، لە بارەی چوونیشی بۆ یانەی نەفتی وەست دیار ڕەحمان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی نایابی عێراقی ناچاری کردین کە من و کۆمەڵێك لە یاریزانانی یانەکە بەفەرمی ریزی یانەی هەولێر جێ بهێڵین، بۆیە بۆ بەردەوامبوونمان لە خولی عێراق و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆمان پێوەندیمان بە تیپەکانی تری عێراق کرد، منیش هەر چەندە گرێبەستی زۆرم بۆ هاتبوو، بەڵام یانەی نەفتی وەستم پێباشبوو بۆیە بەفەرمی لەگەڵ ئەم یانەیە ڕێکەوتووم. دیار گوتیشی: ئێستا لەگەڵ یانەی نەفتی وەست ئاسوودەم و لە یارییەکانیش وەکو پێویست یاری دەکەم و دەمەوێ لە ڕێگای ئەو یانەیەش چەندین دەستکەوتی تری وەرزشیی بەدەستبهێنم بۆ خۆم، هاندەرانی یانەکەش ئەوپەڕی ڕێزمان دەگرن. لەبارەی خولی کوردستانیش دیار گوتی:خولێکی گەورەیە و هەمیشە بیرم لای خولی کوردستانە، چونکە من لەوێوە دەرکەوتووم، بۆیە بەهیوای ئەوەم ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێمەوە یانەی هەولێرو خزمەتی خولی کوردستانیش بکەم، بەهیوای ئەوەشم لە وەرزی نوێ یانەی هەولێر بە بەهێزییەوە بگەڕێتەوە نێو خولی عێراق و ئەنجامی باشی هەبێت.